لاپەڕەی ڕامانی ئازاد

# یەکگرتنەوە: دووبارەبوونەوە یا تێپەڕاندنی پەتای ففتی ففتی؟

**شاخەوان شۆڕش**

یەکگرتنەوەی دوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی باشوور لە بۆتەی ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی لەنێوان هەردوو زلهێزی باشوور لەلایەن سەرۆکی هەردوو پارتەوە ڕاگەیەندرا. ئەو ڕێکەوتنە کە ئەنجامی دەیان کۆبوونەوەی داخراوی پێشووی نێوان هەردوو پارتە.

پێویستە وەبیری بهێنینەوە، ئەوان بەر لەهەڵبژاردنی یەکەمی ڕێکەوتی ٣٠ی ژانیوەری ٢٠٠٥دا لەنێوان خۆیاندا بە فۆرمێکی ئەو ڕێکەوتنە گەیشتن. ئەوان بەپێی ڕێکەوتنەکە بەر لەهەڵبژاردن، پەرلەمانیان لەنێوان خۆیاندا ٤١ بە ٤١ دابەشکردو لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیو جەلال تالەبانی ڕێکەوتن. ئەو ڕێکەوتنەی ئێستا ڕاگەیەندرا تەواوکردنی ئەو ڕێکەوتنەی ئەوسایە.

هەروەکو ئەوسا لەڕێکەوتنی ٥ـ١٢ـ٢٠٠٥دا لەوتارێکدا لێیدوام، ئەو ڕێکەوتنەی ئەوسا درێژەدان بوو بەدەسەلاتی نادیموکراسیانەی خۆیانو ملنەدان بوو بۆ پرەنسیپە دیموکراسیەکانو فەرمانڕەوایی گەل. بەو واتایە ئەوان چاوەڕێی هەڵبژاردنو بڕیاری خەڵکیان نەکرد. کە لەو ڕوانگەیەوە دەبوایە بەپێی دەنگەکانو بە ڕێگایەکی گونجاوی دیموکراسیانەو دەسەڵات دابمەزرێتو ئۆپۆزسیۆن دیار بکرێت. ئەوان ئەوسا بڕیاریاندا پرەنیسپی مۆدێرنو دیموکراسیانە بۆ چارەسەری کێشەی دەسەلات ڕەتکەنەوە، ئێستاش درێژە بەو ڕەتکردنەوەیە دراو گوایە لەکۆتایی ٢٠٠٧دا ڕەنگە مل بۆ هەڵبژاردنو پرەنسیپە دیموکراسیەکان بۆ چارەسەری کێشەی دەسەڵات بدەن.

سەرکردەکانی ئەو دوو پارتە دەسەلاتدارە دەیان کۆبوونەوەی دووقۆڵی داخراویان کرد، ئێستاش بەکەسیان نەگوت چیان گوتو لەسەرچی ناتەبابوون. دیارە نایانەوێ بە کەس بڵێن چیان گوتووەو هەروەها پێشیان خۆش نییە هاوڵاتیان لەوردەکاری ناو کۆبوونەوەکان بگەن! ئێستاش لەکۆبوونەوەیەکی داخراوی کۆتاییدا ئەو ئەنجامە ڕاگەیەنرا. ئەوجا چیان گوت. چی گوتراو چۆن ئەو ڕێکەوتنە کرا، ئەوە مەتەڵێکەو بۆخەڵك جێهێڵدراوە.

پێویستە بگوترێت ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنە دەرهاوێشتەی دیاردەی خدووی دەسەلاتو سەرۆکایەتیە کە هەردوو زلپارتی باشوور و بەتایبەتی سەرۆکەکانیان فرچکیان پێوە گرتیە کێشەکە هەمیشە ئەوەبووە، هەردوو زلهێزی باشوور دەیانەوێ لەسەر تەختی دەسەڵات بنو هەردوو سەرۆکەکەشیان دەیانەوێ سەرۆك بن. هیچ یەکێکیان نایەوێ ببێتە ئۆپۆزسیۆن یا دەستبەرداری تەختی دەسەڵاتو سەرۆکایەتی ببێت. ئەوان هەریەکەیان سەرۆکایەتیو دەسەڵات بە مافی تەنهای خۆیان دەزانن، بۆ گەیشتن بەو ئاواتەیان پەنایان بۆ خراپترین ڕێگا بردووە. بەردەوامی ئەو جۆرە تێگەیشتنەش، بەردەوامی مەینەتیەکانی کوردستانە.

هەرچۆنێبێت ئەو یەکگرتنەوەیە کۆتایی بە دیاردەی دوو بەڕێوەبەرایەتیو پارچەیی باشوور دەهێنێت، لەو ڕوانگەیەوە ئەوە هەنگاوێکی دروستە. خەڵکی کوردستان هەمووی بە یەکخستنەوەی باشووری کوردستان دڵخۆشەو ئاواتەخوازە حکومەتەکەی ڕەاوبێتو بەلایەنی کەم بڕێك لەحکومەتان بچێتو پارچە نەبێت. خەڵکی کوردستان بە زۆر شێوە باجی قورسی ئەو پارچەبوونەی کوردستانی داوەو هیواخوازە مەینەتیەکان کۆتاییان پێ بێتو دووبارەنەبنەوە، ئەگەرچی ئەوان لەهیچ بارێکدا پرسیان پێ نەکراوە.

ئەو ڕێکەوتنەو ئەنجامی دابەشکردنی پۆستەکان کە ڕاگەیەندراوە، بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئامارە بە دووبارەبوونەوەی پەتای ففتی ففتی دەکەن. ١١مینیستەر بۆ هەریەکەیانو سەرۆك لەیەکیانو جێگر لەوی دیکەیان. پێدانی هەندێ پۆست بە هەندێ پارتی دیکە. ئەو پێکهاتەیە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەی یەکەمدا ١٩٩٢ـ١٩٩٤ بە کەمێ جیاوازیەوە هەبوو. مەسعود بارزانیو جەلال تالەبانی لەدەسەڵات بەشدار نەبوون. ئێستا ئەو کێشەیە واچارەسەر کراوە هەردولا سەرۆك بن، یەکێ لەعێراق، ئەویتر لەکوردستان.



شایانی بیرخستنەوەیە، ڕیکەوتنە ففتی ففتیەکە بووە هۆی دابەشکردنی زۆربەی پۆستو کارەکان لەسەر بنچینەی نیوە بە نیوە لەهەموو ئاستێکدا، بووە هۆی گیرخواردنو بنبەستبوونی پرۆسەی بەرەوەپێشەوەچوونو دیموکراتیزەکردن، دواجار بووە هۆی شەڕی ناوخۆ، ماڵوێرانیو پارچەبوونی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو پەرلەمان. ئێستا دوای ئەنجامی کارەساتئامێزو سکەندالی ففتی ففتی، لەبەرچی ئەو دیاردەیە یا شێوەیەکی نزیکی دیاردەکە دووبارە دەکرێتەوە؟ ئایا دەکرێ تیۆریەك یا ڕێگاچارەیەك ژێرکەوتوو بووبێت، کەچی دیسان دووبارە بکرێتەوە؟ ئایا ئەو هەنگاوەو ئەو شێوە چارەسەرە ئەوجارەیان سەرکەوتوودەبێت؟ گەرەنتی چییە ئەوجارەیان هەمان پرەنسیپی نیوە بە نیوەو دابەشکردن لەهەموو ئاستەکاندا دووبارە نابنەوە؟ ئایا ئەوجارە دەتوانرێ پەتای ففتی ففتی تێپەڕێندرێت؟ لەو بارەی ئێستادا دەکرێ چی بکرێت؟

ئەگەر کوردستان خاوەنی پارتی دەسەڵاتداری ڕاشیونالو دیموکراسیخواز بایە، بێگومان دیاردەی ففتی ففتی هەرگیز دووبارە نەدەکرایەوەو پەنا بۆ هەڵبژاردنو بڕیاری گەل دەبردرا بەڵام ڕێگاچارەی دیموکراسیانە ڕەتکراوەتەوەو سەرۆکەکانیش لەپۆستی سەرۆك کەمتر پەسند ناکەن. بەمشێوەیە مەنتالی داسەپێنەرو خێڵەکیانەی سەرۆکەکان درێژەی هەیە.

هەردوو پارتی ڕکابەری دەسەڵاتدار بەهۆی مێژووی کۆنو خوێناوی نێوانیان، بەهۆی ڕقی کەڵەکەبووی نێوانیان، بەهۆی شکاندنی بەڵێنەکانی نێوانیان، بێبڕواییەکی بێسنوور لەنێوانیاندا دروست بووە. ئەوان هەریەکەیان لەبیری ڕامیاریاندا جۆرە کەلتورێکی ڕەتکردنەوەی ئەویترو دژبەیەکیان دروستکردووە، بەمشێوەیە ئەو کەلتورە ڕامیارییە ڕقهەڵگرتووەیان ڕۆژانە پیادەکردووە. ئەوان لەماوەی دەسەڵاتی تاکڕەوانەیاندا هەرەیەك لەلایەن خۆیەوە لەسەر ئەو ڕەوتە ڕۆیشتووەو کاروکردەوەکانی مۆرکی ئەو کەلتورە ڕقهەڵگرتووەی پێوەیە. ئەو کەلتورە ڕامیارە ڕقهەڵگرتووە ڕەگی خۆی لەناو مەنتالی ئەندامو لایەنگرانی ئەو پارتانە دروستکردووە. ئەگەر ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە چاویان لەدواڕۆژێکی باشە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەوا لەسەریانە ئەو کەلتوری دژایەتی، ڕەتکردنەوەو ڕقە تێپەڕێنن. ئەوەش بەشەوو ڕۆژێك ناکرێتو پێویستی بە پرۆگرامو کاری بنەڕەتیانەی زۆرە. ئەوان بەکورتی دەبێ لەجیاتی کەلتوری ڕەتکردنەوەو دژایەتی، هەوڵی دروستکردنی کەلتوری یەکترپەسندکردن، هاوکاری، لەیەکترگەیشتنو برایەتی بدەن. ئەوان دەبێ ئەو مەنتالە شەڕانیو پشووتەنگەی کە دروستیان کرد بە مەنتالێکی ناشەڕانیو پشوودرێژی کراوەی ئازادیخوازی دیموکراسیخواز بیگۆڕن. ئەوەش دەبێ لەهەموو ئاستو شوێنێکدا بکرێت، لەپێش هەر شتێ گۆڕینو مۆدێرنکردنی مەنتالی بەرپرسو سەرکردەکان زۆر گرنگن.

وەکو گوترا چارەسەری دیموکراسیانە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە ڕەتکراوەتەوە، بەوشێوەیە ئەو یەکگرتنەوەیەو دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بە ڕێگایەکی گونجاوی دیموکراسیانە دروست نەبووین. لەلایەکی تر چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی دەسەڵات، هەڵبژاردنو بڕیاری گەلە لەهەڵبژاردنداو پاشان دروستکردنی دەسەڵات بەپێی پرەنسیپە مۆدێرنو دیموکراسیەکان. ئەو ڕێگایەی گەلانی هۆشیارو دیموکراسیخواز پیادەی دەکەن ئەو ڕێگایەش نەتێگەیشتنی هێندە سەختەو بەنوێشە. لەو ڕوانگەیەوە پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەکرێ هەنگاوەکان ڕوو لەهەڵبژاردنو چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی دەسەڵات بن.

ئەوەش دەخوازێ پرسیار بکرێت، چۆن دەکرێ پرەنسیپە مۆدێرنەکانی دەسەڵات بەڕێوەبردن، ڕەوایەتیو برەویان پێ بدرێت؟ چۆن حەزی خۆپەرستانەی پارت لەئاستی بەرژەوەندی گشت لاوازبکرێت؟ چۆن دەکرێت دامەزراوو دەزگاکانی ستات (واتە دەزگای بەڕێوەبردن، یاسادانان، دادگا) لەژێر دەستی پارت دەربهێنرێت؟ بەمجۆرە چۆن دەکرێت لەپارتی دەسەڵاتدار بگەیەنرێت، کەوا دەبێو لەسەریەتی کار بۆ بەرژەوەندی گەل بکات نەك پارت، واتە ئەگەر دەسەڵاتی گرتەدەست لەسەریەتی وەکو کارمەند بە ئەرکی خۆی هەڵبستێتو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ئابووری، ڕامیاریو کۆمەلایەتی گەل دا بجولێتەوە. چونکە لەجیهانی پێشکەوتوودا کاتێ پارت هەولی دەسەلات دەدات، بۆ ئەوەنییە سەرچاوەو سامانی گەل بۆ بەرژەوەندی کەسەکانو پارتەکە بەکاربهێنێت. پارت جگە لەو داهاتەی لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی قورسایی خۆی بۆی دیاری دەکرێت مافی زیاتری لەلایەنی ماددیەوە نییەو. بەرپرسو ئەندامانی پارت مافی موچەیان لەلایەن ستاتەوە نییە. پارت بەپێی پرۆگرامی ڕاگەیەندراوی خۆی لەو چوارچێوەیەی بۆ دەزگاکانی بەڕێوەبردن. داڕشتراوە لەسەریەتی کار بۆ باشترکردنی باری ئابووری، ڕامیاریو کۆمەلایەتی بکات، بێئەوەی ئەو بتوانێ یا بۆی هەبێت دەسەڵاتو سەرچاوەکانی ستات بۆ بەرژەوەندی پارت یا کەسەکانی سەر بەپارت بەکاربهێنێت ئەو پارتەی دێتەسەر کار، ئەندامەکانی ئەو پارتە کە بەشداری دەسەڵات بەڕێوەبردن دەکەن وەکو کارمەندی ستات موچە وەردەگرنو لەسەریانە بەئەرکی بەڕێوەبردنو خزمەتی گەل هەڵسن.

پارتی دەسەڵاتدار دەبێ لەوە بگات، کەوا بۆی نییە، ئایدۆلۆژیای خۆی یا مۆرکی تایبەت بە خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. پارت بۆی نییەو مافی ئەوەی نییە بەهۆی دەسەڵاتداری خۆی، مەرجئامێزانە فەرمان بکاتو خەڵك ناچاری کارو کردەوە یا ئاراستەو ڕێگای تایبەت بکات. پارت بۆی نییە بەهۆی دەسەڵاتەوە ئەندامەتی پارت بکاتە مەرجی کار یا پشتگیری، سامانی ستات وەك خەڵات ببەخشێتەوە، دەست بەسەر زانستەگەکاندا بگرێت، دەست بەسەر سوپاو پۆلیسدا بگرێت، دەزگای ئاسایشی سەربەخۆی هەبێت، زیندانی سەربەخۆی هەبێت، دەست بەسەردادگادا بگرێت، کەنترۆڵی پەرلەمان بە بەرتیلو یا میتۆدی دیکە بکات، دەست بەسەر ڕاگەیاندندا بگرێتو سامانی گەل بۆ بنیاتی ڕاگەیاندنی خۆی بەکاربێنێت، کەسەکات دەربکاتو دابمەزرێنێت، ناوی خەڵك بۆ دامەزراندن بنوسێت، مۆڵەتی کار ببەخشێتەوەو دەربکات، پارەی ستات بۆ بەرتیل بۆ نموونە بۆ هەڵبژاردن بەکاربهێنێت، شەهیدانە بۆ خەڵك لەژێر ناوی جیاجیادا ببڕێتەوە، زەوی لەژێرناوی جیاجیا دابەش بکات هتد.. دەبێ پارتی دەسەڵاتدار لەوە بگات، کەوا ئەو سامانو سەرمایەو سەرچاوانەی لەژێر دەستیدایە هەمووی هی ستاتە واتە هی گەلە، نەك هی ئەو، بۆیەش بۆی نییەو مافی ئەوەی نییە لەخۆیەوەو بەئارەزووی خۆی بەکاریان بهێنێت.

دەبێ پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان لەو ڕاستیانە بگەن، ئەوجا دەکرێ بتوانن لەچارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی دەسەڵات بگەن. ئەگەر ئەوان لەو ماوەیەی دوای دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی نوێ، بتوانن وردە وردە پارتو پارتایەتی لەدامەزراو و دەزگاکانی ستات جیابکەنەوەو ئەو دەزگایانە لەژێر کەنترۆڵی پارتدا نەمان، ئەگەر توانرا مرۆڤەکان لەژێر کەنترۆڵو هەڕەشەی پارت دەربهێندرێن، ئەگەر توانرا سەرچاوەکانی ژیان لەژێرچنگی پارت دەربهێندرێن، ئەگەر توانرا مرۆڤەکان لەژێر کەنترۆڵو هەڕەشەی پارت دەربهێندرێن، ئەگەر توانرا پارت چەك بکرێتو دیمیلیتاریزە بکرێتو وەکو ڕێکخراوێکی بێچەکی ڕامیاریو مۆدێرن بێت، ئەگەر توانرا ئەوانەو ئەوانیترو زۆری دیکە بکرێن، یا بەلایەنی کەم هەنگاوی گونجاویان بۆ بنرێت، ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە پەتای ففتی ففتی تێپەڕێندرێتودواڕۆژێکی باشتر دەکرێ بێتەدی. ئەگەرنا ئەگەری دیسان گیرخواردنو دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی ڕابردوو هەمووی هەن.

# هۆشی نەتەوایەتی و یەك ماڵی کورد

**م/ نەوزاد حوسێن محەمەد**



هەستو هۆشی نەتەوایەتی ئەگەر هاندەرێکی بە هێز بووبێت بۆ بەرپابوونو گەشەکردنی هەڵچوونو شۆڕشەکان لەزۆر وڵاتی دونیادا ئەوە ڕەنگە ـ کوردستان لەهەموو شوێنیك زیاتر بەشی بەرکەوێ، چ بە هۆی ئەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێش وەکو شێوە یاساییەکەی خۆی لەکوردستان دروست نەبووە تا شۆڕشو هەڵچوونە کوردیەکان سیمای چینایەتیان پێوە دیاربێ، یان بە هۆی چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی سرفەوە بووە لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە کە خۆی بە ئاغاو کوێخای ئەم وڵاتە زانیوەو کەسی دیکەی لەخۆی بە پیاوتر دانەناوە،.

نەتەوایەتیش بۆخۆی هەستێکە کە مرۆڤو تاکی کۆمەڵ بە نەتەوەیەکەوە دەبەستێتەوە بە شێوەیەك کە لەپێناوی ئەو ئاشنایەتییەدا دڵسۆزی خۆی بۆ سەرجەم تاکەکانی نەتەوەکەی نیشان بدات. کەواتە نەتەوایەتی لەکاتی خەباتدا ئەبێت بە بزووتنەوەیەك لەنێوان هەموو ئەو تاکانەی کۆمەڵو وەکو رایەڵە پێکیانەوە ئەبەستێ.

فاکتەری هۆش بەو پێیەی کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لەنەخشو ڕەسمی سەرجەم کاروبارو ژیانی ئادەمیزاد، بە هەمان پێوەر ڕۆڵی هەیە لەبەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەییدا، چونکە هۆشیاری ئەنجامو بەری ڕەنجی ژیانی ئادەمیزادە، زانینو تێگەیشتنە دەربارەی دەورووبەر، مرۆڤی هۆشیار ئەو کەسەیە کە زوودرك بە ڕاستیەکان ئەکاتو لەگەڵیان مامەڵەئەکات، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤی ساویلکەو ساکار کەم هۆشەو زوو تێئەکەوێ، لەلایەك بە هۆی خۆش باوەڕیەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بەرژەوەندیەکانی خۆیو بنەماڵەکەی ئەخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە، لەبەر ئەوە هەندێ جار ئەو کەسانە زۆر کەللە ڕەقودەمارگیر دەرئەچن بەرانبەر ڕاستیەکان. هۆیەکەش ئەوەیە ڕەنگە ئەو کەسە کۆلکە خوێندەوارو کەم ئەزموون بێت لەژیانو بەرگەی ڕووداوەکان نەگرێ، یان لەژێر کاریگەری بڕێکی عەشایەر دابێتو دوورە پەرێزو گۆشەگیری کردبێ...

لەمێژووی گەلی کورددا ڕووداوگەلێکی زۆر هەن. ئەوە نیشان ئەدەن کە کەمی هەستو هۆشی نەتەوایەتی لەلای کۆمەڵێك بوونەتە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆو خیانەت کردنو لەناودانی سەرکردەو ناودارەکانی ئەم نەتەوەیە. ئاواتو هیوای بەرەو تاریکی کوژاندۆتەوەو مرۆڤەکانی کردووە بە کۆیلەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان... دیارە سوود وەرگرتن لەمێژوو بۆخۆی زانینو خۆشەویستیو هەستە، ڕیسواکردنی کارە دزێوەکانو پۆزش هێنانەوە ئینتمایەکە بۆ خاكو نەتەوە، ڕەنگە دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵو ناخۆشانەی کە گەلی کورد پێیدا تێپەڕی کرد. هۆشی کوردی گەیشتووبێتە ئاستێك کەچیتر جدی ترو ڕاستگۆیانەتر لەگەڵ یەکترو بەرانبەرەکەیدا مامەڵە بکات. ڕەنگە هۆشیاری نەتەوایەتی عەقڵە خراپو شەڕانگێزەکان بداتە دوواوەو چیتر لەپێناوی بەرژەوەندی تەسکی حیزبیو عەشیریدا هەزاران کەس نەکەن بە قوربانی خۆیان. ڕەنگە هۆشی نەتەوایەتی بە شێوەیەك گەشەبکات کە دڵنەوایی مەئیوسو بەش خوراوەکانو پەراوێز خراوەکان بکاتەوەو دەستی یارمەتیان بۆ درێژبکاو داوای هاوکارییان لێبکات...

ئەگەر هۆشی نەتەوایەتی کورد مەشخەڵی ژیانی کوردایەتی نەخاتەسەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیو سوود لەهەڵەکانی رابردوو نەبینیو بە هیواوە بۆ دواڕۆژ نەڕوانیو نەبێ بە خوێنی ناو دەماری تاکی کورد، دۆست بە دۆست نەزانیو دوژمنیش بە دوژمن، ڕەنگە ژیان لەیەك ماڵدا نەك هەر مەحاڵبێ بەڵکو دەستەکان زۆر لەبیناقاقاکانی یەکتر نزیك بخاتەوە وەکو چۆن لەمێژوودا بینیمان.

هۆشیاری نەتەوەیی لەوەدایە دوور لەهەندێ بەرژەوەندی تایبەت ئەبێ بە خەباتو تێکۆشانو براوەی هاوبەشی یاسا بنەڕەتیەکانی (ئاسایشی نەتەوەیی) (امنی قومی) داینێنو ڕۆڵەو تاکەکانی کۆمەڵگایان پێ ئاشنا بکەنو فێری فیداکاریو گیان بازییان بکەن لەپێناو ئەوسەرەتا پیرۆزانەو تواناو وزەو زیرەکیو ژیرییە کپو خەفەکراوەکان ببووژێننەوەو بیانخەنە کارو ئاراستەیان بکەنو پاشان چاودێری بکرێن بۆ وەلانانی تەمەڵیو تەوەزەلیو کاری نابەجێو مل ملانێی حیزبایەتی خراپو دروست کردنی کیانێکی باشو بە هێز، کە لەسایەیدا بە دیموکراتیانەو مەدەنیانە گۆڕانکاریو تەداول بە دەسەڵات بکرێت.

سەرخۆیش ئەبێ هاندەرو پێش خەری بیری نەتەوەیی نیشتیمان پەروەری بێتو لەلایەك پەیوەندییەکان لەسەر ئاستێکی گونجاو ڕابگرێو لەلایەکی تر خزمەتگوزاری گەلو نیشتیمان بکات بە ئامانجی سەرەکیو پاڵپشتی مانەوەی ئەو سەربەستیو سەربەخۆییە، چونکە وەکوئەڵێن (سفرەی پڕ ئاشتی ماڵەو ماڵی فرە کوێخاش وێرانە).